# فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆتێلیس

رانانی : هاشم ئەمین

فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ تێلیس لەلایەن (ئەمیر حسێن رەحیم)ەوە بە قەبارەی (150) لاپەرە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی حەمدییەوە چاپکراوە و یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

لێکۆڵینەوە و نوسین لەمەڕ فەلسەفەی سیاسی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ترێش لێکۆڵینەوە و قسەکردن لەسەر فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ تێلیس و فەلسەفەی کۆنی یۆنان، بۆیە هەڵبژاردنی بابەتێکی لەم شێوەیە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و ، دەکرێت ئەم کتێبە و کۆی ئەو نووسینانەی کە باس لە فەلسەفەی سیاسی دەکەن، بکرێتە بەر مەبنای کاری سیاسی لە کوردستان ، چونکە ئەرستۆ تێلیس فەلسەفە سیاسیەکەی لەسەر بنەمایەکی مۆراڵ بنیاتناوە و لەو رێگەیەشەوە دەیەوێت، سەرجەم شار و دەوڵەتشارەکان لەپێناو بەختەوەربوونیان دەکرێت، خۆیان باشترین رژێم هەڵبژێرن بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان.

ئەوەی ئەمیر حسێن کردوویەتی لەم کتێبەدا توێژینەوەیە بە میتۆدێکی نوێوە شرۆڤەی فەلسەفەی سیاسی کردووە و بابەتەکەشی بەسەر سێ بەشدا دابەشکردووە، بەشی یەکەم مرۆڤ و هاووڵاتی ئازاد بەوردی لە دیدی فەلسەفەیانەی ئەرستۆتێلیسەوە راڤە کردووە.

بەشی دووەمیش خێزان و دەوڵەتشار لایەنێکی دیکەی فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆتێلیسە بەشی سێهەم و کۆتایش ئاماژەدانە بە رژێمی سیاسی دەوڵەت و دەستوری نمونەی لە دیدی ئەرستۆوە.

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا نووسەر ئاماژەی بەهەندێ بیروراکانی ئەرستۆ کردووە لەسەر مرۆڤ، پێیوایە "هەموو شتەکان لە بچووکەوە تا گەورە لە گژوگیا بچوك و بێ کەڵکەکانەوە بیگرە تا دەگات بە مرۆڤ و ئەوەی لە سروشتدا هەیە بە شێوەیەکی هیراوشی رێکخراون، واتە هەم لە جیهانی سروشت و هەم لە جیهانی هونەردا ئەوانەی خوارەوە هەمیشە بۆ خزمەتی مەزنەکان خوڵقاون".

بەپێی ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ مرۆڤ بوونەوەرێکی مەبەستدارەو لە رەفتاریدا دەردەکەوێت کە لە پێناو گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو تێدەکۆشێت کە ئەویش ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودەیی لە نێو جیهاندا هەرلەسەر ئەم بابەتە ئەرستۆ پێیوایە هیچ بوونەوەرێك ناگات بە مەبەستی کۆتایی، واتا ناگات بەبەختەوەری و چاکەی باڵا تەنها بە نواندنی یان جێبەجێکردنی ئەرکە باڵاکانی ئەبێت بە



باشترین شێوە.
لەسەر مەسەلەی هاوولاتی ئازادیش کۆمەڵا بۆچوونی تایبەتی هەیە، چونکە ئەرستۆ پاشخانێکی کۆمەلایەتی هەیە لەسەر ئەو پێگە کۆمەلایەتیە کە باوکی هەیبوو، هەرچەندە ئەرستۆ لە ژێر هەژموونی بری باوی ئەو سەردەمەدا گەلانی گرنگی بە هەڵبژاردە دەزانی و پێیوابوو بە سروشت ئازادانە لە دایکبوون، چونکە سروشت رۆڵێکی یەکلاکەروە دەبینێت لە دیاریکردنی سیماکانی مرۆڤی ئازاد و کۆیلەدا.




تیلیس پێیوایە "هەرکەسێك ئەم خەسڵەتانەی هەبێت هاوولاتیەکی باشە و شیمانەی دەسەلات گرتنەدەستی هەیە بەشێوەیەکی دروست ئەو بارودۆخی قبوڵبکات کە تێیدا ملکەچی دەسەلات بێت".
1- میانرەوی، زاڵبوون بەسەر دەروون و خۆ بەدوورگرتن لە توند رەوی
2- دادپەروەری
3- ئازایەتی و نیشتمانپەروەری
4- دانایی و توانستی دەرکردنی بریاری ئاگامەندانە.

لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا ئاماژە بە خێزان و دەوڵەتشار کراوە، نووسەر بە گرنگییەوە لە بۆچوونەکانی ئەرستۆ دەروانێت، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات پاڵنەری پێکەوە ژیان پێکهێنانی خێزان خۆشەویستیە، ئەمەش بەبۆچوونی ئەرستۆ دژ نییە لەگەڵ سروشتە کۆمەلایەتیەکەی مرۆڤ، پێیوایە مرۆڤ لەدەرەوەی سروشتە کۆمەلایەتیەکەی سروشتە مرۆییە تایبەتمەندییەکەی لەدەستدەدات".
هەروەها ئەرستۆ ئاماژەی بەوە کردووە کە دەوڵەت دەبێت رۆڵی گرنگی هەبێت لەسەرجەم کایەکانی ژیانی خەڵککداو، هەمووو دامەزراوەو کارەکان لە چوارچێوەی کاروکاتدا رێکبخات، پێیوایە مەبەستی دەوڵەتشار شێوەیە کە لە مۆراڵی سیاسی، واتە ئامانجی دوایی دەوڵەتشار ئەوەیە کە هاوشارییەکان ببن بە باشترین هاوولاتی.
بەشی سێیەمی کتێبەکە ئاماژەکردنە بە رژێمی سیاسی و دەوڵەت و دەستووری نموونەیی، ئەرستۆ لە بۆچوونەکانیدا لەمەر ئەم چەمکە ئاماژە بە رژێمێکی چەق بەستوو ناکات، بەڵکو تەنها ئاماژە بەشێوازی سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان دەکات و جەخت لەسەر ئەو بنەمایانە دەکاتەوە، کە رێخۆشکەرن بۆ گەشەکردن و گۆرانی رژێمێك بۆ رژێمێکی دیکە یان گۆرانی رژێمێك بۆ رژێمێکی دیکە.
هەرلەسەر ئەم بابەتە نووسەر لە دەرئەنجامی کتێبەکەدا بەو بیروڕایە گەیشتووە، هیچ فۆرمێکی ئایدیالی ئامادەکراو و چاك بۆ دەوڵەت لە گۆریدا نییە، بەڵکو پێویستە کە ئەزموونی مێژوویییەوە دەسەڵاتەکان راڤەبکرێن، چونکە هەر رژێمێك دەکرێت لە کات و شوێنێکدا چاکبێت، بەلام مەرج نییە لە کات و شوێنێکی دیکەدا بەچاکی بمێنێتەوە، نووسەر لەدەرەنجامی ئەو خوێندنەوانە کە بۆ بۆچوونەکانی ئەرستۆ کردوویەتی، نووسیویەتی "دەوڵەت دوا فۆرمی باڵای خۆ بەسیبە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵەکان، کە ئامانجی دابینکردنی بەختەوەرییە، ئەگەر بەپێی یاسا و دەستووری چاك و لەلایەن فەرمانرەوای چاکەوە ئاراستە بکرێت".